سودانی ونێچیرڤان بارزانی جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان



سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبونەوە و جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە لە پەراوێزی دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق- سلێمانی، هەریەکە لە محەمەد شیاع سودانی و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبونەوە و باروودۆخی گشتی و گرنگترین پرسکانی گۆشەدان و ئابوریان لەسەر ئاستی نیشتمانی خستەڕو.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەکۆبونەوەکەدا باروودۆخی سیاسی وڵات و دۆسیە هاوبەشکان تاوتوێ کران و جەخت کرایەوە لەسەر بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک کە یەکگیزی نیشتمانی بەهێز بکات و خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق بکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان و پارێزدانی هەماهەنگی نێوان سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان، بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات و پشتیوانیکردن لەهەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵی لەجێبەجێکردنی

پەژکانی گۆشەدان لەسەرانسەری عیراقدا.

لە بەشکی دیکەی کەبونەوکەدا پەشهاتە ناوچەیی و نەودەوتیەکان و کاریگەریەکانی لەسەر عیراق تاوتوێ کران و جەخت کرایەوە لەسەر پەویستی دورخستنەوەی عیراق لە ململانێکان و پاپشتیکردنی ئەو دەستپەشخەریانەی کە پەیەوی چارەسەری ئاشتیانە و دیالۆگ دەکەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە.